40 years

The CENTER for VICTIMS of TORTURE

# ٢٦ی حوزەیران، ڕۆژێک بۆ ڕێزلێنان لە ڕزگاربووانی ئەشکەنجە


لەلایەن دکتۆر سایمن ئادەمز، سەرۆک و بەڕێوەبەری جێبەجێکار

سەنتەری قوربانیانی ئەشکەنجە (CVT)


٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٥

لە ٢٦ی حوزەیران، ڕۆژی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتیوانی لە قوربانیانی ئەشکەنجە، ڕێز و پێزانینمان بۆ قوربانیان هەیە، هەروەها پشتیوانی و هاوسۆزی خۆمان بە هەموو ڕزگاربووان و خێزانەکانیان و کۆمەڵگاکانیان، لە سەرانسەری جیهان دەگەیەنین.

لە ساڵی ١٩٩٨ەوە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٦ی حوزەیرانی وەک ڕۆژێک ناساندووە کە تیایدا کۆمەڵگەی جیهانی دان بەوەدا بنێت کە ئەشکەنجەدان تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتییە و بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغەیە. لە ساڵی ٢٠٢٥دا بیر لەو بوێرییە دەکەینەوە کە ڕۆژانە لە ڕزگاربووان دەیبینین کە بە مەبەستی وەرگرتنی چاودێری دێنە سەنتەری قوربانیانی ئەشکەنجە.

لەم ساڵدا، کە لە زۆر شوێنی جیهان بینەری پاوانخوازی و ململانێین – کە هەندێک لە حکومەتەکان نکۆڵی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەر کارمەندانی مرۆیی – ئێمە دڵخۆشین بە ئازایەتی چارەخوازانمان کە بەهۆی داواکردنی مافەکانیانەوە تووشی گرتن و ئەشکەنجە بوونەتەوە. کارەکانیان ئیلهامبەخشە بۆ ئێمە لە کاتێکدا کە کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایدەگەیەنێت کە لە ئێستادا ١٢٣ ملیۆن کەس لە جیهاندا بەهۆی گۆشەگیری و ململانێ و دڕندەییەوە ئاوارە بوون.

هەروەها ئیلهامبەخشن بۆ ئێمە لەکاتێکدا، بەشێوەیەکی وێرانکەر، ڕووبەڕووی بڕین و کەمبوونەوەی هاوکاریە دەرەکییەکان دەبینەوە لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە. لە مانگی کانوونی دووەمەوە، ئێمە لە ڕێکخراوی (CVT) ناچار بووین دەرگای کلینیکەکانمان لە ئەردەن و ئەسیوپیا دابخەین. ئێمە دەزانین کە ئەم بڕین و داخستنانە نەک هەر پێگە و ناوبانگی ئەمریکا لە جیهاندا لەکەدار دەکەن، بەڵکو بەشێک لە کەسانی هەرە دۆخناسکی جیهان بێبەش دەکەن لە دەستگەیشتن بە چاودێری و فریاگوزاری ژیان پارێز. بڕینی ئەم هاوکاریە دەرەکیانە، هەڕەشەی لەسەر ژیانی کەسانێک دروستکردووە.

لە کاتێکدا ئێمە یادی ئەم ڕۆژە و چل ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوی (CVT) دەکەینەوە، دان بەو ڕاستیەدا دەنێین کە ئەمە قۆناغێکی زۆر سەخت و پڕ لە ئاڵنگاریە بۆ ئێمە و بۆ چارەخوازەکانمان و بۆ هەموو کارمەندانی مرۆیی و بەرگریکارانی مافی مرۆڤ. بەڵام تەنانەت لەم قۆناغە سەختەشدا، CVT هێشتا توانای یارمەتیدانی هەزاران کەسی ڕزگاربووی هەیە.

شانازی دەکەم کە چۆن تیمەکانمان بە خێرایی وەرچەرخانیان کرد بۆ بەدەستخستنی بودجەی جێگرەوە بۆ کارکردنی فراوانتر لەگەڵ ڕزگاربووانی سوریا، هەروەها بۆ پرۆگرامێکی نوێ لە (تیگرای) لە ئەسیوپیا، بۆ ڕزگاربووانی زەبری دەروونی لە شەڕی ناوخۆی ئەم دواییەی ئەو وڵاتە. جگە لەوەش، بۆ یەکەمجارە تیمەکەمان لە ئەریزۆنا دەستی بە کارکردن کردووە لەگەڵ پەناخوازانی جێهێڵراو لە دیوی مەکسیک لە سنووری ئەمریکا و مەکسیک. بە هەمان شێوە بەردەوامین لە پشتگیریکردنی پەنابەران لە کینیا کە بەهۆی ناسنامەی جێندەریەوە ڕوویان کردۆتە ئەو وڵاتە و ڕزگاربووانی دڕندەییەکانی LRA لە ئۆگەندا. کلینیکەکانمان لە ئەمریکا بەردەوامن لە پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ ئەو کەسانەی کە پێشتر لە چوارچێوەی پرۆگرامە پڕ شانازیەکانی نیشتەجێکردنی پەنابەران گەیشتوونەتە ئەم وڵاتە.

لە ڕۆژی جیهانیی پشتیوانیکردن لە قوربانیانی ئەشکەنجەدا، ئەو ڕاستیە دووپاتدەکەینەوە کە داهاتوو هی ئەو کەسانەیە کە بوێرن و هیوایان هەیە. سەرۆک و تاوانبارانی جەنگ و حکومەتەکان دێن و دەڕۆن، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لە کارکردن بەرەو چاکبوونەوە و هیوا.